# بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان
# گرنگی بەشداری ژنان لە پرۆسەی سیاسی و داڕشتنەوەی بڕیارەکاندا

**م. سەیران تەها ئەحمەد**

**کۆلیجی یاسا–زانکۆی سلێمانی**

با لە یادی ڕۆژی جیهانی ژناندا هەموو هەوڵەکان لە پێناوی وەستاندنی سووکایەتی پێکردن و توند وتیژی دژی ژنان بێت، لە هەر شوێنیکی ئەم جیهانەدا بێت ، لە پێناوی سەرخستنی کۆمەڵگا و پێشخستنیاندا دەبێت دژایەتی تەواوەتی هەموو جۆرە مامەڵە کردنێك بە ژنانەوە بکرێت ،

هەرچەندە کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لەسلی 1975 پرۆژەی بڕیارێکی گرتە خۆ کە بانگهێشتی وولاتان دەکات کە(8ی مارس)ی هەموو ساڵێکدا بکرێتە بۆنە بۆ مافەکانی ژنان وئاشتی نێودەوڵەتی بەپێی داب ونەریتە مێژووی و نیشتمانیەکانی هەر دەوڵەتێك ، کە دوایی بە ڕۆژی جیهانی ژنان ناسرا، وەسەرەڕای پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان و هەوڵەکانی ڕێکخراوە نێو دەوڵەتی و مەدەنیەکان تایبەتن بە کارکردن لە بواری مافەکانی ژنان، بەڵام تا ئێستاش لەسەر ئاستی جیهاندا ژنان دووچاری نا مرۆیی‌ترین مامەڵە و توند وتیژی دەبنەوە ، کە ئەمەش پەیوەستە بە پراکتیزە کردنی فەلسەفە و سیستەمی سیاسی لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر دەگۆڕێت .

گەورەترین کێشە لە ئاستی کۆمەڵگای نێودەولەتی و نەتەوەیەکگرتووەکاندا، بازرگانی کردن بە ژنانەوە کە بە کۆیلایەتی هاوچەرخ دەناسرێت .

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەریدەکات (ڕاپۆرتی پێنجەمی ساڵانەیە تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤە )، ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵانە نزیکەی 800 هەزار کەس لەسەر سنووره نێودەوڵەتیەکان و بە ملیونەهاش لە ناوخۆی وولاتەکانیاندا دووچاری ئەم جۆرە بازرگانیە دەبنەوە، بە تایبەتی لە (بازرگانی سێکسی) و کاری زۆرە ملی‌ی دا بەکار دەهێنرێن.

بە دڵنیاییەوە ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی کۆیلایەتی، لە کاتێکدا کە زۆربەیان لە تەمەنێکی منداڵی (واتە خوار تەمەنی یاسایدان) ، هەروەك چۆن ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاری بێگانەی ژن وولاتەکانیان جێهێشتوە، لە ڕێگای کۆمپانیای تایبەت بە ناوی دۆزینەوەی کار بۆ وولاتانی جیهانیان دەگوێزرێنەوە(تەنانەت لە وولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا دەبینرێت کە چۆن ژنانی بێگانە خزمەتکاری مالان دەکەن)،

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە کە هەژاری و نەداری لە زۆربەی وولاتانی جیهانی سێیەم گەورەترین هۆکار بێت ، لە بەرەو پێدانی ئەم جۆرە بازرگانیە نا یاسایی و مرۆییدا، جا ئەگەر ئەم وولاتانە بەرپرسیارین بەهۆی هەژاری و گەندەڵی و نەخوێندەوارییەوە، ئەوا وولاتانی تری دنیا ، کە سیستەمێکی ئابوری بەهێزیان هەیە، گەورەترین بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە هاوولاتی وولاتەکانیان بازاڕێکن بۆ بازرگانی‌کردن بەو کەسانە؟ ئالێرەدا بەرپرسیارێتی کۆمەڵگای نێودەولەتی و نەتەوەیەکگرتووەکانە، چۆن کاری (جدی) دەکرێت بۆ ئەوەی وولاتەکان پابەند بن بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکانەوە ؟

یەکێك لە هەوڵە جدیەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی گێراوەتەبەر کە چۆن ڕێگا لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ بگیرێت، بە تایبەتی ئەو شێوازەی پێی دەووترێت (العماله الجبریه) ، بۆ کارکردن بۆ ئەم مەبەستە، هەروەك لە ڕاپۆرتێکی (جون میلر) ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ بازرگانی کردن بە مرۆڤدا هاتووە ، ئاماژە بەوە دەکات، کە وولاتەکان پۆلین کراون بۆ سێ‌گروپ:

گروپی یەکەم: ئەو وولاتە دەگرێتەوە کە پابەند دەبن بە پێوەرە نێودەولەتیەکان، وە لە ڕووبەڕووبوونەوەدان لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ و لە هەوڵی بەردەوامدان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

گروپی دووەم: ئەو وولاتە دەگرێتەوە کە ئامادەیی خۆیان نیشان دەدەن بۆ پابەند بوون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ، بەلام نەگەیشتۆتە ئاستی جێ‌بەجێ کردنی پێوەرە نێودەولەتیەکان،

گروپی سێیەم: نزمترین پلەی پۆلین کردنەکەیە ، ئەو وولاتە دەگرێتەوە کە حکومەتەکانیان گوێ‌نادەن و پابەند نابن بە پێوەرە نێودەولەتیەکان، سەبارەت بەکاری زۆرەملی‌ی هەروەها پچوکترین ئامادەیی خۆیان نیشان نادەن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەبارەت بە ناوی ئەو وولاتانەش کە لە گروپی سێیەمدان، بریتین لە (سعودیه وکویت وقگر واتحاد الإمارات العربیه و بورما وکوریا الشمالیه والسودان وکوبا و کمبودیا).

وە ئەوەی جێگەی سەرنجە، بەپێی ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سەدا(60بۆ70)ی هەژارەکانی جیهان ژنانن ، وە (4/3)ی سێ لەسەر چواری نەخوێندەوارەکانی جبهان ژنانن، کە دەگاتە نزیکەی 876 ملیون ژن، وە ڕێژەی بەشداری ژنان لە پەرلەمانی وولاّتەکاندا ناگاتە لەسەدا(14) ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ژنان لە زۆربەی وولاّتاندا دووچاری جۆرەها توند و تیژی و مامەڵە پێکردن و بێبەشکردن لە(میراپ) ودەستدرێژیکردنەسەر و شووکردنی زۆرەملێی .....هتد، دەبنەوە.

وە ئەوەی جێگای ئاوڕلێدانەوەیە، کە لەم بۆنەیەدا ئاماژەی پێبکەین و خەمی سەرەکیمان بێت،

ئەو بارودۆخە سەخت و دواکەوتووەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، و ئەو بارودۆخە تایبەتیەی کە ئەمڕۆ ژنانی عێراقی و کوردستانی پێداتێدەپەڕێت ، ئەوڕاستیە بەرجەستە دەکات کە ژنان دەبێت ڕۆڵی کاریگەرییان هەبێ لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پەیوەندی هەیە بە چارەنووسی ملیونەها مرۆڤ لە ڕەگەزی ژنان.

ئەمە لە کاتێکدا کە گۆڕانکاریە جیهانیەکان و ژیانی هاوچەرخ پێداگرتنە لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان، وە

کارکردن بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە دوور بێت لە بەکارهێنانی توندوتیژی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی، وەچەخت کردن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ژنان پێگەی تایبەتیان هەبێت لە بەشداری کردن و بنیادنانی بڕیاری سیاسیدا، بە تایبەتی لەو مەسەلانەی کە پەیوەستە بە جیاکاری یاسایی بەرامبەر بە ژنان لە یاسا کارپێکراوەکانی ئەم وولاّتانەدا،

وە بەدەستهێنانی یەکسانی لە هەلی کارکردن و ئەرك و مافەکانداله هەموو ئاستەکاندالە نێوان نێر و مێ دا فەراهەم بکرێت ، وە لە دەستوردا چەختی لێبکرێت.

بە پشت بەستن بەو پێوەرە نێودەوڵەتیانەی کە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکاندا ئاماژەیان پێ دەکات، بەتایبەتی ئەو ڕێکەوتننامانەی تایبەتن بەداکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان وەك (ڕێکەوتننامەی یەکسانی لە کرێدا، (کە تایبەتە بە یەکسانی کرێ بۆ کرێکاری ژن و پیاو کە هەمان بەهای کار دەکەن)، وەلە (14)مادە پێك هاتووە، کە ساڵی 1951 کە کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی گرتیەخۆی، وە جاڕنامەی لەناوبردنی جیاکاری دژ بە ژنان، کە(11) مادە پێك هاتووە، ولەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 1967 دەرچووە، هەروەها ڕێکەوتننامەی لەناوبردنی هەموو شێوەکانی جیاکاری دژ بە ژنان، کە(30) مادە پێك هاتووە، ولەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 1979 دەرچووە، ڕێکەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاریلە بواری فێربووندا، کە(19) مادە پێك هاتووە، کە کۆنگرەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری لەساڵی1960 گرتیەخۆی، ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی بە قەدەغەکردنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ وە (استغلال دعاره الغیر)، کە(28) مادە پێك هاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 1949 بڕیاری لەسەرداوە ، ڕێکەوتننامەی تایبەت بە مافە سیاسیەکانی ژنان، کە(11) مادە پێك هاتووە، لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی1952 وە خراوەتە ڕوو، ئەمەو سەرەڕای بوونی هەردوو ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکان،کە لە(53)مادە پێك هاتووە، ئەوی تریان تایبەت بە مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانە، کە لە(31)مادە پێك هاتووە، لەساڵی1966 دەرچوون .......هتد)، ئەمانە و دەیان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتی تر کە کاریان بۆ کراوە و لە بواری پراکتیزە کردندان، بۆ پەرپەرچی دانەوەی هەموو جۆرە پێشێلکاری و توندوتیژیەك بەرامبەر بە ژنان بە تایبەتی ڕێگەگرتن لە کوشتنی ژنان لەژێر هەر ناوێکدا بێت، هەر لە ئاستی خێزانەوە تا دەگاتە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و، بە تایبەتی کە ئەمڕۆ مۆدێلی گروپە میلیشیاکان وکەسایەتیە ئاینی و فەتوادان هاتۆتە ئاراوە .

پێویستە تیرۆر بە هەموو شێوەکانیەوە لە تیرۆری فیکرەوە تا دەگاتە تیرۆری جەستەیی دژ بە ژنان بوەستێنرێت،

وە ئەرکی دەوڵەتە لە دەستەبەر کردنی ئاسایش و پاراستنی ژیانیان ، هەروەها دابین کردنی ژیانی سەربەرزانە و پشتگیرییان لێبکات، لە پێناوی ئەوەی ڕێگە نەدرێت ژنان (استغلال) بکرێن و بازرگانی بەجەستەیانەوە بکرێت،

پێویستە ئەمڕۆ خەباتی ژنان لە پێناوی بەدەستهێنانی ناسنامەی مرۆیی بوون بێت ، لە ڕێگەی پرۆسەی ڕۆشنبیر کردنی ژنان ، ووشیار کردنەوەیان بێت، وە لە پێداویستیە هەنووکەیکانە کە هەموو هەوڵەکان بخرێتە گەر بۆ ڕێگەگرتن لەبەکارهێنانی ئایینەکان وەك چەکێك بۆ قۆرغ کردنی ڕۆڵی ژنان دوورخستنەوەیان لە پرۆسەی پەرەپێدان و بنیادنانەوەی کۆمەڵگا ، وە نابێت مەسەلەی ژنان بخرێتە ناو (مساومە سیاسی) و سازشی لەسەربکرێت، وە نابێت مەسەلەی تایەفەگەری و خێڵایەتی لەسەر حسابی مەسەلەی ژنان یەکلا بکرێتەوە،

جا بەهێزکردنی ڕۆڵی ژنان پێویستە لە ڕێگەی دابین کردنی پاراستنی یاسایی و کارکردن بۆ پتەوکردنی بنەمای ئابوری و بەکارخستنی ژنان بێت بۆئەوەی بتوانرێت ژنان ڕابهێنرێن لەسەر سیستەمی پشت بەخۆبەستن وگەشەکردنی تواناکانیان ،کەئەمەش خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی گونجاوە بۆ پێشخستن و سەرکەوتنی سیستەمی ئابوری وولاّت ،

وە لە هەمان کاتدا کارکردنە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی ، لە بەشداری کردنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا کەلە سەرلەنوێ بنیادنانەوەدا بەرجەستە بکرێت.

**کارکردن بۆ مەسەلەی ژنان کارکردنە بۆ مەسەلەیەکی ڕەوابۆ بەدیهێنانی دادپەروەری مرۆیی،**

**لێرەدا ئەو پرسیارەمان لەلا دروست ببێت ، ئایا لە کەلتورێکی پڕ لە توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان کە لە سیاسەتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا پەیڕەو کراوە ، چۆن بتوانرێت لەسایەی دەسەڵاتی گروپە تایەفی و بە ناو ئایینیەکاندا کە زۆرینەن لە دەسەڵاتی سیاسی وولاتدا، بتوانرێت برەو بە ماف و داخوازیەکانی ژنان بدرێت ،**

**ڕەنگە باشترین ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ڕەخساندنی گەورەترین بوار بۆ داکۆکی کردن ، لە ڕێگەی خۆ پڕچەکردنە بە تێگەیشتن لە کەلتوری مافەکانی مرۆڤ و چۆنیەتی کارپێ کردن و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگا و مامەڵە کردن بێت لەگەڵ پرۆسەی ڕۆشنگەریدا .**